## شەڕی گەل و دەسەلات ڕوو ئەدات ئەگەر چارەسەر نەکرێت!! ... خاڵە حەمە

ئەم شەڕە درەنگ و زوو کەوتووەو هەر روو ئەدات و زللهێزە بەدەسەڵاتەکانی کوردیش لێی بەرپرسیار ئەبن، ئەم شەڕە بەکۆتایی هاتنی دیکتاتۆرە رەزاگرانەکانی کوردئەبێت کەخۆیان پیرۆز کردووەو وەک مێردەزمە سوار شانی گەورەو بچوکی میللەتەکەی خۆیان بوون کەلە رۆژگاری نەهامەتی و بێدەرەتانیدا سەرچاوەی نان وهێزو داراییان بوون کەلەدەمی منالانیان ئەگرتەوەو سلیان لە دڕندەکانی (بەعپ) و خۆفرۆشی بێ بەروپشتی دژ بە شۆڕش و گەل نەئەکردەوەو هەمیشە هێزێکی لە بن نەهاتوو بوون بەدەوروپشتیانا. . . خۆ ئەگەر بە زیانی کوردیش بشکێتەوە دەسەڵاتداریش بە ئارامی سەرخەوێک ناشکێنێ و هەمیشە ئەبێت چاوەروانی منالێکی داخ لەدلی دلشکاوی (نەتەوە) کەی خۆی بێت کەتۆلەی لێبستێنێت!!. .

هۆکارەکانی ئەم شەڕە ئەگەر چارەسەرنەکرێت و نەوەکانی کورد نەبنە (فاکتەرێ) بۆ خزمەتگوزاری ئەو خەلکە چەوساوەیە (کەساڵەهایە چاوەڕوانی هەلێکە بۆی برەخسێت و لەژێر رکێفی رژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراقی خوێناوی رزگاربێت) شەڕ دەرگای هەموو ماڵێک ئەگرێت و دەسەڵاتی کوردیش هەتیو ئەمێنێتەوەو بەدوای سەرو ماڵی یەکتریشدا دەگەرێن و کوردکوژی و براکوژی بە شێوەیەکی نوێتر دووپات دەبێتەوە، تائەمرۆ میللەت نەیویستوە شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی خۆیدا بکات و بەهەموو شێوەکان سەروەری و گەورەیی پاراستوون و قوربانیان بۆ داوە دوریش نییە ئەم جارە میللەت بڕیاری شەڕ بدات و میمچە (بۆرژوای) کوردیش لەسەر تەختی زێرین و کورسی دەسەڵات دابگرێتەخوارەوەو لەژێر رقی کەڵەکەبووی هەزاران و نەداراندا تالاوی مەرگ بەگەورەو بچوکیان بچێژن. . بەهیوام بەپێچەوانەی بۆچوونی من بێت و دەسەڵاتی کوردی بەخۆیدا بچێتەوەو دیاریدەی (دزی و ڕاوورووت و بەرتیل) و جرج و مشکە گەورەکانی ناو گەنجینە پڕ بەهاکانی شۆڕش و (بێرەوشتیی ناسیسیەکانی) خۆیان چارەسەر بکەن و نیشتمان فرۆش و کۆنە بەعپیەکانیش لە ژێر کورسیەکانیانا حەشار نەدەن و کورسیەکانیان لەژێر دەربهێنن!! و نەیەلن ئەو شەڕە یەخەی خۆیان و میللەت بگرێت. . . !! دەبێت ئەوەش باش بزانن کە هێزی گەل دوژمنی هەرهێزێک بێت لەڕەگ و ڕیشەی هەلدەکێشێت و توری ئەداتە ناو زبلدانی مێژووە.
.

کەمەکێ سەیری شانوشەپیلکی (سەدام) بکەن چی چاوەڕوانی دەکات، هەرگیز لەوبەدەسەڵات ترو زۆردارتریش نابن چونکە کوردن!!. . . . .
خاڵەحەمە2005/9/28 دانمارک